## شەتەکدانەوەی ستراتیژی بزووتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ شەڕخوازی

## ئەمریکا هیچ تەباییەکی لەگەڵ ئاوات‌و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستاندا نیە!

ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٨-٩ پارتی دیموکراتی کوردستان‌و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا کە بە دوای دوو ڕۆژ کۆبوونەوەی لەسەریەکی سەرکردایەتی هەردوولادا دەریان کرد، ڕایانگەیاند کە کۆبونەوەیەکی مێژوویی گرنگیان بەستووەو دواتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا ڕوونیان کردەوە کە لەسەر وەلانانی هەموو کۆسپەکانی بەردەم ڕێکەوتنی خۆیان پیکهاتوون. رواڵەتی مەسەلەکە بەو جۆرەی خۆیان نیشانی دەدەن گوایە لەسەر مەسەلەی ئەصلی ریککەوتون‌و مەسەلە لاوەکیەکانیشیان هیشتوەتەوە بۆ لیژنەکانی دیکە. بەڵام دیارە سەرەڕای هەموو ئەو هەراو هوریایەی لە زاری سەرکردایەتی هەردوو لاوە بەگوێی خەلکدا دراوەو سەرەڕای پیرۆزە پیرۆزەی هەندێک ناوەند لە کوردستان، سەرنجیکی کورت لە ناوەرۆکی ڕاگەیاندنەکەیان روالەتی ی بوونی ریکەوتنامەکەیان دەردەخات. خەڵکی کوردستان ئەو راستیە دەزانن کە کێشەی چەند سالەی نێوان ئەم دوو حیزبە هەر بە بیانووی ئەو ووردە کاریانە بووە کە ئێستاش بۆیان چارەسەر نەکراوەو دووبارە هەواڵەی لیژنە تایبەتەکان کراون، نەک هێڵە گشتی یەکان کە بڕیار بوو چەند ساڵ لەمەوبەر لە واشنتۆن ئیمزایان لەسەر کرابێ.

مەبەستی سەرەکی یەکیتی و پارتی لەم بەیان‌و راگەیاندنەو ئەوەی کە بە دوایەوەن، خۆ گونجاندنە لەگەل سیاسەتی دژی ئینسانی و خۆئامادەکردنەکانی ئەمریکا بۆ ئەگەری ئاڵ‌وگۆڕەکان لە عیراقدا، کە بازاڕی ئەم چەشنە ڕێکەوتن‌و کۆبوونەوانەی نەک تەنها لای یەکێتی و پارتی بەڵکو لای زۆر هێزو تاقمی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن گەرم کردووە. دوو حیزبی دەسەڵاتدار لە کوردستان بە هەر نرخیک بیت بە دوای پەیداکردنی جێگاو شوێنیکەوەن بۆ خۆیان لە ئاڵ‌وگۆڕەکانی ئایندەی عیراقدا. ئەمەشیان بە جۆرێک لە بەیانەکەی خۆیاندا ئاماژە پێکردووە. هاوکاتیش خەریکی بلاوکردنەوەی ئومێدێکی فریوکارانەن لە نیو خەڵکی کوردستاندا بۆ خۆشباوەری بە مەبەستی ڕەشبگیری ، تا ئەو ئامارەی بە ئەمریکایان داوە لە بارەی ژمارەی هیزە چەکدارەکانیانەوە بۆ خزمەت بە سیاسەتی ئەمریکا مسوگەر بکەن. دەیانەوێ جەماوەری خەڵک بەشوێن سیاسەتی خۆیاندا بۆ بەشداری لە سیناریۆی ڕەشی ئەمریکا بەکێش بکەن. ئەمە سەروبەری ریکەوتنامەکەیانە کە لە واقعدا فریوکارانەو لە ناوەرۆکدا کۆنەپەرستانەیە.

بەلام گریمان ئەو موعجیزەیەش روویدابیت‌و ئەم ڕێکەوتنە واقعی بێت. با لە پرۆسەیەکدا پەرلەمانی هاوبەشی هەردوو حیزب دروست بێتەوەو حکومەتی یەکگرتویان پیکبهینەوە، نابی گومان لەوەدا هەبیت کە هیچ یەک لەمانە وەڵامی هیچ کام لە مەسەلەو کێشە سەرەکیەکانی خەڵکی کوردستان ناداتەوە، نە سەرگەردانی کوردستان کۆتایی پێدێنێ، نە وەڵامی هەژاری و بێکاری دەداتەوە. نە هەل‌ومەرجی پڕ دڵەڕاوکێ‌و ترس لە ئایندە لای خەڵکی کوردستان دوایی دێنی و نە هەنگاوێکیشە بۆ بیناکردنەوەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی کە ئازادی و مافە سەرەتایی یەکانی خەڵکی تیا زامن بکرێ. تەنانەت هیچ زەمانەتێکیش بۆ دووبارە بوونەوەی کێشەو شەڕی نێوان ئەم دوو هێزە لە ئارادا نی یە. ئەو حکومەتەش کە ئەم دوو هیزە رۆژیک بەپێی بەرژەوەندی خۆیان لەتی دەکەن‌و رۆژیکی دیکە تیکەلی دەکەنەوە، هەر بەم پێیە دەتوانێ لە ئایندەشدا زۆر سادەتر لە رابردوو لێک بترازێتەوە. ئەو حکومەتەی ئەمڕۆ بە ئیمزایەک دروست دەبێت لە ئایندەدا بە فیشەکێک هەڵدەوەشێتەوە، کۆتایی هینان بەم وەزعە لە گرەوی دەخاڵەت‌و وەگەڕکەوتنی ئیرادەی جەماوەری کوردستاندایە لە دەوری سیاسەتیکی شۆرشگیرانەو بەدیلیک کە کۆتایی هینان بە ستەمی میللی و سەرگەردانی سیاسی ئیستا زامن بکات‌و سیستەمیکی سیاسی مودیرنی غەیری قەومی و غەیرە دینی ئەوتۆ بهینیتە سەرکار کە مافە سیاسی و مەدەنیەکانی خەلک مسۆگەر بکات. هەموو ئەمانەش لە بەرنامەو نەخشەو سیاسەتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریدا گەڵاڵە بووە.

www.kurdistannet.org

ئەحزابی دەسەڵاتدار دەتوانن ڕێکبکەون یان نەکەون، گومان لەوە نیە کە خەلکی کوردستان هەمیشە نەفرەتیان لەشەری کۆنەپەرستانەی ئەوان بووەو خوازیاری هەلومەرجیکی ئارامو ئاسایشو کۆتایی هینان بەشەڕیک بوون کە خەلك لە نیو ئاگرەکەیدا سوتاوە. بەلام جیاواز لەمە مەسەلەی ئەصڵی خەڵکی کوردستان شتێکی ترە. پەرلەمانی ناوبراو تەنانەت بە پێوانەی خۆشیان بیت دەمێکە تاریخی صەلاحیەتی تەواو بووە، هەر خودی یەکێتی نیشتمانی تا دوینێ لەبەرامبەر پارتیدا بە پێی بەرژەوەندی خۆی هیچ شەرعیەتیک بۆ ئەو پەرلەمانە قایل نەمابوو کە ئەمرۆ بە نیازە بیخاتەوەکار، ئیستا بەچ بەلگەیەك دەیەوێ مەشروعیەتی بە خەلك بقەبوڵێنێ؟! حکومەتی تێکەڵی هەردوو حیزب ناتوانێ شتیکی زیاتر لە حکومەتی تایبەتی هەریەکێکیان بیت، کە هیچیان جێگای ڕەزامەندی خەڵك نەبوونو جگە لە پیشیلکردنی سەرتایی ترین مافەکانی خەلكو مەینەتی هیچی دیکە لە هەگبەیاندا نەبوو.

مەسەلەی ئەصلی تر ئەوەیە کە نە دەسەلاتی یەکێتی و نە دەسەلاتی پارتی و نە حکومەتی هاوبەشی هەردووکیان شەرعیەتی نی یە، ئەوان بە هیچ پیوانەیەك مافی ئەم یاری کردنە بەدەسەلاتو ئالوگۆر پێکردنیان نیە. ئەگەر تۆزقاڵیك پابەندی ئەو دیموکراسیە ببونایە کە رۆژانە خۆیان پروپاگەندەی بۆدەکەن، دەبوو دوای ١١ ساڵ لە حاکمیەتی میلیشیایی و لە دەستدانی هەر جۆرە شەرعیەتیک، ئیتر بواریان بە ئیرادەو دەخالەتی خەلك بدایە لە دیاریکردنو بڕینەوەی دەسەلاتدا. بارزانی و تاڵەبانی بە پێی کام پیوانەی دیموکراسی و لە کوێوە شەرعیەتی ئەوەیان بە دەستهیناوە کە یاری بە دسەلات بکەنو بڕیار لەسەر چارەنوسی خەلك بدەن؟! خەلکی کوردستان دەبێ ئەو راستیە بزانن کە دەسەلاتی ئەم دوو حزبە تاك تاك بیت یان پیکەوە، جگە لە دەسەلاتی ملیشیایی چەکدار هیچی تر نیە. پەیامی ئەمجارەشیان کە بناغەکەی خۆشخزمەتیە بە سیاسەتی دژی ئینسانی ئەمریکا لە پیناو وەرگرتنی ئیمتیازیکە بۆ خۆیان، پەیامیکی کۆنەپەرستانەو دووپات کردنەوەی سیناریۆێی سالی ١٩٩١ کە لە ریگای سیاسەتی خۆگریدانەوە لەگەل نەخشەی کۆنەپەرستانەی ئەمریکا خەلکی کوردستانیان دووچاری تراژیدیایەکی ئینسانی کرد. ئەمە هیچ تەباییەکی لەگەل خواستو ئامانجەکانی خەلکی ئازادیخوازی کوردستاندا نیەو دەبێ بکەویتە بەرامبەر نارەزایەتی خەلك. مەسەلەی ئەصلی جەماوەری خەلك خۆسازدانو جۆشدانی خەباتە چ بەرامبەر دەسەلاتی جیاجیای یەکیتی و پارتی و چ بەرامبەر دەسەلاتی هاوبەشیان، لە پیناو سەپاندنو بە دەستهینانی مافە سیاسی و مەدەنیەکانی خۆیاندا، خەباتە لە پیناو یەکلاکردنەوەی چارەنوسی کوردستان لە ریگای بەگەرکەوتنی ئیرادەی خەلکی کوردستانەوە. کۆبونەوە لە دەوری بەدیلو سیاسەتی کۆمۆنیستی زامنی سەرکەوتنی ئەم خەباتەو کەلك وەرگرتنە لە هەر بواریك کە لە جەرگەی ئالوگۆرەکاندا چ بۆ رزگاری خەلکی کوردستانو چ بۆ ژیرەوژورکردنی رژیمی فاشیستی بەعس بیتەکایەوە.

حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق/ ١١ی سەپتسەمبەری ٢٠٠٢

www.kurdistannet.org